هەواڵەکانی کوردستان

کاوە جەوا نمرد نێردرا بۆ زیندانی مەراغە

رۆژی هەینی ٧ ی بەفرانبار، کاوە جەوانمرد رۆژنامەنووس و هەواڵنێری حەوتوونامەی (کەرەفتوو) لە زیندانی شاری سنەوە بۆ زیندانی مەراغە بەرێ کرا.

کاوە جەوانمرد لەلایەن دادگای بە ناو ئینقلابی شاری سنە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزەکان، بە دوو ساڵ زیندان لە زیندانی مەراغە مەحکوم کراوە، رۆژی هەینی سزاکەی لە سەر جێ بە جێ کرا.

ناوبراو لە پەروەندەیێکی دیکەدا بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی، دوو ساڵ سزای زیندانی بۆ براوبۆوە کە لەلایەن دیوانی بەرزی رژیمەوە پەسەند نەکرا.

***

مردنی کاسبکارێك لە سنووری پێنجوێن

رۆژی پێنج شەممە ٢٠ی بەفرانبار بە هۆی ئاگرکەوتنەوە، کاسبکارێکی ١٩ ساڵە لە سنووری پێنجوێن کۆچی دوایی کرد.

کەیوان عومەر لە باشماخ موعامەلەی بەنزینی دەکرد، لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا ئاگر لە جەستەی بەر بوو، و بە هۆی سەختی سووتاوییەوە، کۆچی دوایی کرد. دەگوترێ ناو براو لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا بەنزین بە لیباسەکانیەوە بووە.

**

زیندانی کردنی ٤ ئەندامی بنەماڵەیێك لە کرماشان

مەئمورانی ئەمنیەتی رژیمی ئاخوندی لە چەند رۆژی رابردوودا هێرشیان کردوەتە سەر ماڵێك لە کرماشان و ٤ ئەندامی ئەو بنەماڵەیەیان گرتوە.

لو پەلامارەدا کە بۆ سەر ماڵی هاووەڵاتییێك بە ناوی ئەحمەدی جەواهێری ئەنجام دراوە، کەل و پەلی ماڵەکەش بە تالان براوەو تێك شکێندراوە، ئەندامانی ئەو ماڵەش کەوتنە بەر لێدان و بێ حورمەتی پێکردن.

هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم پاشان ٤ ئەندامی ئەو خانەوادەیان بە ناوەکانی ئەحمەد جەواهێری، رابێعە قوبادی، فاتمە جەواهێری و چیا جەواهێری زیندانی کردوە. منداڵە ساواکەی ئەو بنەماڵەیەش لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری پزیشکدایە.

***

حوکمی زیندان بۆ خوێندکارێك لە شاری سنە

دادگای رژیم لە شاری سنە، خوێندکاری بە ناوی عوبەید زارعی بە ساڵێك زیندان مەحکوم کردوە، کە ئەو حوکمە بۆ ماوەی ٥ ساڵ تەعلیق دەکرێت.

ناوبراو پێشتریش زیندانی کرابوو و بە دانی زەمانەت ئازاد کرابوو. بە پێی هەواڵ تاوانی عوبەید زارعی تێکدانی وەزعی زانکۆ و هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە سیاسیەکانی دژ بە رژیمە.

***

بۆ جارێکی دیکە ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراق لەلایەن فرۆکەکانی تورکیەوە بۆمباران کران

رۆژانی سێ شەممە ٤ی بەفرانبار، فرۆکەکانی ئەرتەشی تورکیە بە بیانووی هێرش بۆ سەر بنکەکانی پ.ك.ك جارێکی دیکە چەند شوێنێك لە ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراقیان بۆمباران کرد.

لە ئاکامی هێرشەکانی رۆژی سێ شەممەی فرۆکەکانی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق، ناوچە سنوریەکانی چەم چەهی سەر بە شاری ئامێدی کەوتنە بەر پەلامار کە بە خۆشیەوە زیانی گیانی بە دواوە نەبووە. بە پێی هەواڵەکان رۆژی چوارشەممە ٥ی بەفرانبار چەند فرۆکەی شەرکەری تورکی بە سەر ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان دا سووڕاونەوە.

***

لە سەرمای سەختی زستاندا گاز لە شاری سەردەشت و رەبەت براوە

بە پێی هەواڵ، لە رۆژی شەممە ١ی بەفرانبار گاز لە شاری سەردەشت و رەبەت براوە و خەڵکی ئەو دوو شارە لە وەزعێکی نالەباردا دەژین و بۆ گەرم کردنی خانوەکانیان، هیچ نەوعە سووتەمەنییێکیان دەست ناکەوێ. بە پێی هەواڵ نەوت و گازائیلیش لەو دوو شارە زۆر کەمە و نانەواخانەکان داخراون.

***

دوو پەنابەری ئێرانی لەتورکیە مەترسی تەحویل دارنەوەیان بە رژیمی ئێران لێ دەکرێ

دوو پەنابەری سیاسی بەناوەکانی ئەسعەد سەدری وحەمدی موکری لەلایەن دەوڵەتی تورکیە گیراون و گومان دەکرێ تەحویل بە رژیمی ئێران بدرێنەوە.

ئەسعەد سەری کە شارەزا و پسپۆڕی بواری ئۆمیە وەلەلایەن دەوڵەتی کاناداوە مۆڵتی پێ

دراوە لەو وڵاتە نیشتەجێ بێ ، بەڵام بەوجۆرەش دەوڵەتی تورکیە مەبەستیەتی تەحویل

بە رژیمی ئێرانی بدات ، هەروەها حەمید موکری کە ماوەی چەندین ساڵە لە تورکیە پەنابەرە و بەم دواییانە مەبەستی بوو ، بەشێوەی قاچاغ لە تورکیە بچێتە وڵاتی سێهەم زیایر لە (١٥) رۆژە لە زیندانی تورکیە دایەو ئەویش داهاتووی جێگەی نیگەرانیە.

کۆچی دوایی دڵسۆزێکی کورد لە دێی بویەنی بانە

بە داخەوە ئاگادار بووین سەدیق مەعرووفی کە برای عەزیز مەعرووفی ئەندام و پێشمەرگەی دێرینی سازمانی خەباتە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢٧ زایینی لە دێی بویەنی بانە بە هۆی سەکتەی مەغزیەوە لەتەمەنی ٥٨ساڵیەوە کۆچی دوایی دەکا. کاك سەدیق کوردێکی نیشتمانپەروەر و دۆستی نزیکی سازمانی خەبات بوو. بەو بۆنەوە سازمانی خەبات پرسە و سەرەخۆشی خۆی بە خزم و کەس و کاری ناوبراو رادەگەینێ و لە خوداش داواکارە روحی ناوبراو بە بەهشتی بەرین شاد بێت.

بکوژی لاوانی کورد لە ئیتلاعاتی شاری سنە



مەهدی مەولاوەلی بە ناوی نەهێنی "هاتفی" جێگری بەرپرسی ئیتلاعاتی شاری سنە یەکێك لە بکوژ و قاتلانی خەڵکی کوردستان و یەکێك لەئەشکەنجەدەرانی خەڵکی کورد لە زیندانەکانی رژیمە. بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بڵاوبوونەتەوە ناوبراو لەکاتی زیندانی کردنی ئیبراهیم لوتفوڵاهی لێپرسینەوەی لە ئیبراهیم کردووە و گومانی ئەوەش دەکرێ کە (هاتفی) دەستی لە شەهید کردنی ئیبراهیم دابووبێ. ناوبراو هاوکات بەرپرسی گوزینشی وەزارەتی ئیتلاعات لەپارێزگای کوردستانە و لەبنەرەتدا دا خەڵکی شاری قوروەیە. بێ گومان مەهدی مەولاوەلی و کەسانی وەك ئەو داهاتوویێکی باش چاوەروانیان ناکا و لەدوارۆژێکی نزیك دا دەبێ وەڵامدەرەوەی ئەو هەموو جینایەتانەیان بن و لەبەردەم دادگایێکی جەماوەری ئامادە بن.

ئەمریکا یەکێك لە فەرماندەکانی سپای پاسدارانی خستە لیستی ڕەشەوە

وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا رایگەیاند یەکێك لە فەرماندەکانی سپای پاسدرانی رژیمی ئێرانی خستۆتە لیستی ڕەشی خۆیەوە.

بە ووتەی بەرپرسانی وەزارەتی خەزێنەداری، سەرتیپی پاسدار ئەحمەدی فروزەندە کە یەکێکە لە فەرماندەکانی هێزی قودس کەوتۆتە بەر ئابڵوقەی دارایی ئەمریکا، هەروەها وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا تلویزیونی (الزورا) کە لە سوریە جێگیرە، بە هۆی هاندانی کردەوەی ئاژاواگێڕانە دژ بە دەوڵەتی عێراق، خستۆتە لیستی ڕەشەوە.

ئیعدامی ١٣ کەس لە ئێران

رۆژی چوارشەممە ١٢ی بەفرانبار، دەزگای قەزایی رژیمی ئاخوندی، ٦ کەسی لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران ئیعدام کردوە. ئیعدام کراوەکان بریتین لە:

٣ کەس لە شاری قۆم، ٢ کەس لە زاهێدان و ژنێك بەناوی " راحێلەی زەمانی " لە زیندانی ئەوینی تاران. هێندێ لە راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە رۆژی چوارشەممە، ٧ کەسی دیکەش لە زیندانی ئەوین ئیعدام کراون، بەڵام ناوەکانیان ئاشکرا نەکراوە.

ئیعدامی سێ کەس لە ئەراك و گورگان و قرتاندنی دەست و قاچی پێنج کەس لە زاهیدان

لە چەند رۆژی رابردوودا دوو کەس ئێعدام لە بەرچاوی خەڵك ئێعدام کران هەروەها پیاوێکی ٥٣ ساڵەش لە گورگان ئێعدام کراوە.

هەروەها دادگوستەریی سیستان و بەلوچستان رۆژی ١٦ی بەفرانبار رایگەیاند کە حوکمی قرتاندنی دەستی راست و قاچی چەپی پێنج کەسی جێ بە جێ کردوە، کە تاوانیان بارمتەگرتن بووە. ناوەکانیان بریتین: م ئاردونی، م ا جەلیلی، ا ب ربگی، ا ربگی، و د پاڵەوان.

***

٣٠٠ مادەی سەرەتانی (شێرپە نجە) تێکەڵ بە خواردنەکان لە ئێران بووە

رۆژنامەی خوراسان ئاشکرای کرد بە هۆی کەمتەرخەمی بەرپرسانی دژایەتی کردن، بیلوژیکی لەگەڵ نەخۆشی روەك (گیایی) ٣٠٠ نەوع مادە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی سەرەتان، تێکەڵ بە خواردەمەنی وەڵات بووە.

ئەو رۆژنامەیە لە زمان دوکتور مەسعود تەجریشی، بەرپرسی دەفتەری لێکۆڵینەوەی ئاو و ژینگەی دانشگای سەنعەتی شەریف نوسیویە کە تەنیا ٦٨ لە سەدی زەمینە کشت و کاڵیەکان لە ژێر چاودێری چاندنی بیولوژیکی دان و لە سەر کەمتەرخەمی بەرپرسان زیاتر لە ٣٠٠ نەوع پێك هاتە و مادەی شیمیایی و مەترسیدار کە دەبێتە هۆی سەرەتان لە بەر کەڵك وەرگرتنی زۆر لە سەم و کوودی شیمیایی تێکەڵ بە پێك هاتەی خواردەمەنی وەڵات بووە.

رادیو ئەکتیو، لە قەتارێکی تاجیکستاندا دەستی بەسەردا گیرا

بەرپرسانی وەڵاتی قرقیزستان دەڵێن، بارێك کە پێك هاتبوو لە رادیو ئەکتیو و بۆ بەرنامەی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەر دەگیرێ لە قەتارێکدا کە لە تاجیکستانەوە بەرەو ئێرانیان دەبرد، لە سنوور دەستی بە سەردا گیراوە. هێزەکانی گومرك لە سنووری ئوزبەکستان و قرقیزستان گومان پەیدا دەکەن کە رادەی رادیو ئەکتیو ئەو بارە لە رادەی رێگە پێدراو زیاترە.

تا ئێستاش بە تەواویی پێك هاتەی ئەو بارە ئاشکرا نەکراوە و بەرپرسانی قرقیزستان دەڵێن، دەستیان بە سەر ئەو بارەدا گرتوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی رایگەیاند، ٥٠ کەس لە خوزستان گیراون

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە راگەیێندراوێکدا ئاشکرای کرد رۆژی هەینی حەوتووی رابردوو لانی کەم ٥٠ کەس لە پرسەیێکدا لە شاری ئەهواز گیراون.

لەو راگەیێندراوەدا هاتوە کە گیراوەکان لە عەرەبەکانی ئەهوازن و لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی بەسیج و ئینتزامی بۆ پرسەی کەسێك بە ناوی (میهدی حیدری) گیراون.

لە راگەیێندراوی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیدا هاتوە کە زایاریان لە دەستدایە کە کەس و کاری گیراوەکان هیچ هەواڵێکیان لە وەزعی کەسەکانیان نیە.

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاشکرای کرد، گیراوەکان لە مزگەوتی (هەمزەی) شاری ئەهواز بۆ بیرەوەری (میهدی حیدری) کۆببوونەوە کە دەگوترێ لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمەوە کوژراوە.

بە پێی راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، میهدی حەیدەری لەلایەن هێزەکانی رژیمەوە داوا کرابوو هەر بۆیە بەردەوام پێ و شوێنیان گرتوە و لەو کاتەی ناوبراو سەردنێکی کورتی ماڵەوەی کردوە، کەوتۆتە بەر پەلاماری هێزەکانی ئیتلاعات و کوژراوە.

سەربازێکی فەرانسەیی جەنگی جیهانی یەکەم، کۆچی دوایی کرد

یەکێك لەو دوو سەربازە فەرانسەییە کە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە زیندوو بوو لە تەمەنی ١١٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ئەو سەربازە کە ناوی لویی دوکزنار بوو لە کاتێکدا لە جێگەدا خەوتبوو، لە یەکێك لە شارەکانی فەرانسە کۆچی دوایی کرد. لویی دوکزناو بە تەمەنترین فەرانسەیش بوو و چەند مانگێك لە لازا پونتیسلی بە تەمەن ترە. لازار پونتیسلی کە سەربازێکی دیکەی جەنگی جیهانی یەکەمە، ١١٠ ساڵ تەمەنیەتی و ئێستا تەنها سەربازی فەرانسەیی جەنگی جیهانی یەکەمە کە لە ژیاندا ماوە.